**ماچێكی خەماوی!! دلێر محمود سابیر**

گیانە جاران، ،
لە دوای هەموو ماچ كردنێك
ئەوەی غەمەو ئازارەو ژان، ،
كەللە سەری برینەكان، ،
هەستم ئەكرد
سڕ ئەبوون و، ،
لە پاش تاوێ وەكو بەفر

**ئەتوانەوە**

كەچی ئێستا
تاقە ماچێك
دەیان پرسیار دێنێتە گۆ!!
بۆ ماچت كرد؟
بۆ بۆ بۆ بۆ؟؟
نەت ئەزانی تۆ بەو ماچە
لاپەڕەی ئازارەكانت
جارێكی تر هەڵدایەوە؟؟
دیسانەوە، ،

**برینەكان كولانەوە؟؟!!**

******

گیانە ئەمە قەدەرمانە
نە دەستم هێنایە ڕێگەت
نە دونیاش هێندە ئەمانە
ئەمە عەشقێكی ئەزەلە و، ،
نە تۆ بێ من ئەسرەویت و، ،
نە من جەستەم بەو ماچانە
ساتار ئەبێ
تەرەم مەكە، ،
تا لەم دنیایەدا ئەژیم
با بە سزاو ئازاری پاش
ماچی تەڕی ئەو دوولێوە
بتلێمەوە
خوا كەریمە بۆ ئەو دنیاش
بۆ ساتی وەڵام دانەوە
لێ پرسینەوەم هەر نەبێ
سات و كاتی

**هەڵسانەوە!! ی**

******

دەسا گیانە گفتم بەرێ
دیسانەوە
تا هەموو ڕۆژێ ماچت کەم
دە تۆ تەنها لێوم بەرێ، ، ،
بەڵێن ئەدەم
بێ منەت بە
چی بەڵایەك ڕووت تێ دەكا
بە ژانەوە، ،
بە فرمێسکی چاوانەوە
هەرچی دەرد و ئازارێ
بەرۆکت ئەگرێ
پیا هەڵواسە
جا بزانە هەموو ژەمێ

**نۆشی ناکەم بە نانەوە؟؟؟**

---

ی هەڵسانەوە: ڕۆژی قیامەت